# كاتێك عەرەب تێناگەن!!!

چالاك محەمەد- سوید

لەسەروبەندی دەسپێکی پرۆسەی ئازادی عێراقدا، هیچ یەکێك لەنەتەوەکانی عێراق هێندەی کورد گەشبین نەبووە بەو گۆرانکارییەی کە چاوەڕوان دەکرا لە عێراقدا بێتە دی.ئەمەش حاڵەتێکی ئاسایی بوو، چونکە ئۆپۆزیسیۆنی عەرەبی عێراقی و هێزی هاوپەیمانان ئیمکانیات و توانستی کوردیان بە لایەنێکی سەرەکی حساب دەکرد لە خودی پرۆسەی ئازادیدا و، کوردیش لە ڕوانینی بۆ ئەو هێزو ڕێکخستنەی کەهەیەتی ئایندەیەکی گەشی بۆ خۆی لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتی فیدرالیدا دەخوێندەوە.
گەلی کورد بەکردەوە لاپەڕەی 35 ساڵی دڕندەیی بەعس وزیاتر لە 80 ساڵیشی لە حوکمی تاکڕەوانەی عەرەبی سوننە هەڵدایەوە، بەهەموو توانستییەوە بەشداری لەبنیات نانەوەی عێراقدا دەکات.
بەخوێندنەوەی گرفتە کەڵەکەبووەکانی عێراق، بە تایبەتی لەبواری چارەسەرنەکردنی پرسی کورددا، ئاساییە کە بەماوەی ئەم ساڵ و نیوەی دووای پرۆسەی ئازادی عێراق تا ئێستا هەندێك لایەنی پرسی کوردی بێ چارەسەر مابێتەوە.
بێگومان ڕەوشی عێراقی ئەمڕۆ هەندێك عەرەبی بێدار کردۆتەوە کە بێ چارەسەرکردنی پرسی کورد، بە گوێرەی خواستەکانی خۆی، قەت ئیمکانی دروستکردنەوەی عێراق بەهیچ فۆرم ومۆدیلێك لە گۆڕێدا نییە.
بەڵام :
کاتێك پرسی کەرکوك و هەنگاو نەنانی حکومەتی کاتیی دەهێنمەوە بەرچاو لە جێبەجێ نەکردنی بڕگەی 58 لە یاسای کاتی بەڕێوەبردنی عێراقدا.
کاتێك فیچقەی خوێنی سەر ژێ کردنی کوردێك تەنیا بەتۆمەتی کوردبوونی بەدەست عەرەبەوە دەبینم.

کاتێك گەمەی شۆڤێنیانەی عەرەبەکانی کۆمسێنی باڵای هەڵبژاردن دەبینم لە کۆسپ و تەگەرە دروست کردن لەبەردەم دەنگدەری کورددا.
کاتێك ماڵپەرە عەرەبییەکان و تۆمەت و بوختانەکانیان دەخوێنمەوە لەسەر کورد و سەرکردەکانی هەتا رەمزو بەها نەتەوەییەکانیشی.
کاتێك بەرنامەی (عەبدولرەزاق عەلی)م بینی لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی لەوەزارەتی دارایی ، ئیدارەی هەولێردا و،باسی لەو گرفتانە کرد کە وەزارەتی دارایی عێراق دروستی دەکات لەسەر بودجەی هەرێمی کوردستاندا.
کاتێك حکومەتی کاتیی عێراق لە ڕێگای( دکتۆر بەرهەم و دکتۆر ڕۆژ )ەوە کورد دەدوێنن ، نەوەك لەڕێگای ئەو داوودەزگایانەی کە کورد هەیەتی.
کاتێك هەردوو ڕۆژنامەی عەرەبی زمانحاڵی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان( الاتحاد، التاخی)لە موسل فرۆشتنیان قەدەغەیە.
کاتێك لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نیشتیمانی عێراقدا لە پەرلەمانی کوردستان، 58 ئەندامی ئەنجومەنی عێراق ئامادە نەبوون.
کاتێك کوردستان تا ئێستاش لای زۆربەی عەرەب هەر شمال العراق بێت.
کاتێك حکومەتی کاتیی عێراق کۆنە بەعسییەکی وەك عەبدوڵلا جبووری بە پارێزگاری دیالە دانابێت، کە شوێنکی پر کێشە و گرفتە لەنێوان کورد و عەرەبدا.
کاتێك پڕوپاگەندەی لیستی عەرەبەکان دەخوێنمەوە کە بەدەگمەن نەبێت باس لە عێراقی فیدرالی ناکات.
کاتێك موقتەداو داروودەستەکەی، فەرید ئایار و بێ ئەدەبییەکەی، دەستەی زانایانی مسلمانان و زیادە ڕۆییەکەی.
کاتێك هەموو ئەمانە دێنمەوە بەرچاو، ئیتر بەد بین دەبم کە جارێکی تر کورد و عەرەب بتوانن پێکەوە پێکڤە لەیەك وڵاتدا بژین، یان ناچار دەبم کە بڵێم عەرەب

نەتەوەیەکن، پەند لە ڕابردوو وەرناگرن، درەنگ یان هەر لە گۆڕانکارییە جیهانییەکان ناگەن.